## دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی

# ئاراس

ئاراس دەزگایەکی رۆشنبیرییەو لە پێناوی بایەخدان بە بلاوکردنەوەی کولتووری رەسەنی کوردی و رۆشنبیریی هاوسەردەم لە کوردستان دامەزراوە. ئەم دەزگایە لە پایزی سالی ١٩٩٨ دا ، بە رێنوێنی و سەرپەرشتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێری پایەتەخت دەستی بەکار کردووە.

ناوی دەزگاکە لە ناوی رووباری { ئاراس } وەرگیراوە کە دەکەوێتە بەری رۆژهەلاتی تورکیا و سنووری جیاکەرەوەی ولاتی ئێران و ئازەربایجانی سەر بە روسیایە . رووباری ئاراس کە بە سنووری رۆژهەلاتی ئەو هەرێمە دادەنری کوردی تێدا نیشتەجێیە و دەژی ، هەروەها ناوەکە لە مێژووی هاوسەردەمی کورددا پێوەندیی بە رووداوێکی گرینگەوە هەیە ئەویش پەرینەوەی سەرکردەی مێژوویی کورد { مەلا مستەفای بارزان } و هەڤالەکانیەتی لەو رووبارەدا لە سالی ١٩٤٧ . دوای هەلوە شانی کوماری کوردستان { هەندێک جار پێی دەگوترێ کۆماری مەهاباد } لە دوا دوایەکانی سالی ١٩٤٦ دا ، بارزانی و هەڤالەکانی کەوتنە شەرێکی خوێناوی لە بەرامبەر سوپای شای ئێراندا ، دوای ئەمە سوپای هەر سێ ولاتی ئێران و عیراق و تورکیا لیێان هاتنە دەست و ویستیان گەمارۆیان بدەن .

بارزانی و هەڤالەکانی لە شەرێکی چەند مانگەی پارتیزانیدا کە لە مێژوودا وێنەی کەمە توانییان رێگە برینێکی گرینگ بکەن و لە مانگی حوزەیرانی ١٩٤٧ دا لە رووباری { ئاراس } پەرینەوە و پەنایان بۆ ولاتی سۆڤیەت برد . بۆیە لە کوتووری کورددا وشەی ئاراس واتە { پەرینەوە بەرەو سەرفرازی } .

بەهۆی رێژیمە داگیرکەرەکانەوە ، کولتووری کوردی و زمانی کوردی رێگەلی گیراو و قەدەغە بوونە . دوای راپەرینی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق هەوایەکی ئازاد و هەلومەرجێکی لە بار بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری و زمانی کوردی هاتوونەتە کایە . { ئاراس } یش لەم هەوایە دا لە دایک بووە و هەنگاوی ناوە بۆ { پەرینەوە بەرەو سەرفرازی } . دەسپێکی کاری دەزگاکە فەرهەنگی { کوردستان } بوو کە یەکێکە لە دەولەمەندترین فەرهەنگە کوردییەکان و زیاتر لە { ٦٠ } هەزار وشەی کوردیی { بە هەموو دیالەکتەی کوردییەکان : کرمانجی سەروو ، کرمانجی خواروو ، گورانیێ و لوری } گرتووەتە خۆی و هەزار لا پەرەی قەوارە بە تالە . ئەم فەرهەنگە لە دانانی فەرهەنگ دانەری مەزنی کورد { گیوی موکریانی } یە کە زیاتر لە پەنجا سالی پێوە خەریک

بووه . ئاراس هەتا ئێستا ٥٢ کتێبی بلاوکردووتەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی کولتووری رەسەنی کوردی لە هەموو بوارەکانی لێکولێنەوە لە زمان و ئەدەبیات و مێژووی کوردستان . هەروەها لە بواری وەرگێران لە زمانانی بێگانەوە بو زمانی کوردی . ئەم بەرهەمانەی هەتا ئێستا پێشکێش کراون و بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بوونە .

بەرهەمەکانی دەزگای ئاراس لە ناوخەلکدا رەواجێکی زۆریان هەیە . نووسەرە ناودارەکانی کورد بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمی خۆیان رووی تێ دەکەن .

ئاراس لە هەلبژاردنی بەرهەم بو چاپ کردن زیاتر بایەخ بە رۆشنبیری نەتەوەیی کوردی دەدا . بایەخ بە پەرپێدانی زمانی کوردی و رۆشنبیریی نویدەم دەدات . بایەخیکی تەواو بە ئەدەبیات و رۆشنبیریی مندالان دەدات و زور بەرهەمی باش لەم بوارەدا بەریگاوەن بو گەیشتن بە دەستی خوینەرانی کورد . لە رووی دەرهینانی هونەری وریک وپێکی چاپ و سەرنج راکێشی بەرگێ کتیبەوە ، بو یەکەم جار لە کوردستانی عیراق لە رێگای بەرهەمەکانی { ئاراس } وە خوینەرانی کورد بە دەرهینانی هونەریی جوان ئاشنا بوونە .

بەرینوینی و راسپاردەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی ، ئاراس بەرهەمەکانی خوی بەنرخیکی هەرزان دەگەینی بەدەستی خوینەرانی کورد ئەمەش لە بەر ئەوەی ئامانجی دەزگاکە ئامانجیکی نیشتیمانی و نەتەوە پەروەرییە . دەمانەوی رۆشنبیری لە بەردەستی هەموو هاوولاتییەکی کوردستاندا بێ و بە ئاسانی بگات بە دەستیان .

خاوەنی ئیمتیازی دەزگای ئاراس بەرێز شەوکەت شێخ یەزدین کە وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرنووسەر دەزگاکەش بەدران ئەحمەد حەبیب . راویژکاری رۆشنبیریی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە .